# کەرکوك، "دڵ" و "قودس"ی کوردستانی دوێنێ و "شاری عیراق"ی ئەمرۆ!

**خەسرەو سایە**

k.saya@ukonline.co.uk



باڵەوە بگەڕێین کەبۆچی تائیستا "کوردەکانی کەرکوك" لەووڵاتی خۆیان ولەژێر دەسەڵاتە"دیموکراسی و تەجروبە نوی باوە" کانی یەکیتی وپارتیدا بەخەڵکی ئاوارە ناودەبرین، تەنانەت باڵەوە بگەڕێین کە ئەم دەسەڵاتانە تائیستا بۆچی خەڵکی تەرحیلکراوی شاری کەرکوکیان بەئاوارەیی هیشتۆتەوە؟. ئەوەی جیگای باسی ئەم نوسراوەیەی منە، راگەیاندنەکانی ئەم دوایانەی سەرانی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستانە لەبارەی کەرکوك و خەڵکی "کوردی کەرکوك"ەوە، کەچۆن خۆیان و مەسەلەکەیان کراوەتە خوراکیکی تەبلیغاتی بەدەستی سەرانی ئەم حیزبانەوە بۆ ئاراستەکردنی سیاسەتی لایەنگرییان بۆئەمریکاو جەنگیك کەلەلایەن ملیۆنەها ئینسانەوە لەدنیادا ئیدانەو مەحکومکراوە.

جگەلە تەئکیدی چەند بارەی جلال تالەبانی، دوینی هوشیار زیباری لەوەلامی پرسیاریکی کەناڵی تەلەفزیۆنی "ئەلجەزیرە"دا لەبارەی بەشداری " تورکەکان" لەجەنگی ئەمریکا و داهاتوی شاری کەرکوکەوە ووتی :" کەرکوك شاریکی عیراقییەو لەگەل عیراقییەکاندا ریگای بۆدەدۆزریتەوە". . بەبی ئەوەی زیباری لەهاوکیشەی حیزبەکەی "کەرکوك دلی کوردستانە" پەشیمان بوبیتەوە !!. . . .

نازانم ئەم قسانەی زیباری و سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد چەندە رق و قینی قەڵەمبەدەستانی ناسیونالیزمی کورد هەڵدەستینی کەبەدور لە هەر پیوانەیەکی ئینسانی خۆیان لەگیلی دەدەن لەبەرامبەر کوشتاری سەدان ژن و منالی شارەکانی باشووری عیراق و ئاگاهانە خەریکن لەنیو جەنگی ئەمریکاو هاوکیشەکانیدا بەبلاوکردنەوەی دروشمی" کەرکوك کرۆکی مەسەلەی کوردستانە" رۆژانە ریناماییی بەئەحزابی دەسەلاتدار دەدەن، سەبارەت بەوەی کە دەبی داواکاری "خاکی" زۆرتریان ببیت!! ئایا ئەمە ئەوان ناچار ناکات بەوەی کەلانی کەم زیباری و حیزبەکەی بخەنە بەردەم تانەو تەشەری خۆیانەوە؟!

بەلام پروپاگەندەکانی زیباری لەئیستادا ولەبارەی کەرکوکەوە تەنها وتەنها دلۆپیکە لەدەریای بابەتیکی گەورەتری پروپاگەندەی سیاسی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەهەلویست و مامەلەی دوفاقیدا لەبارەی جەنگی ئەمریکاو چوکدادانیان لەبەرامبەر تەرفەکانی بەشدار لە" جەبهەی شیمالی" دا نیشانیان داوە:

یەکەم: کاتیك مەسەلەی کەرکوك لەنیو دیبلوماسی دەولەتانی ناوچەکەو ئەمریکادا دەخریتە روو لەمەسەی"دلی کوردستانەوە" دەبیتە کەرەسەیەك بۆ راگرتنی دلی "تورکەکان" و "سیاسەتی ئەمریکاو داهاتوی عیراق" و دەبیتە "مەسەلەیەکی عیراق"ی بەباسی برایەتی و پیکەوە ژیانی تیرەو نەتەوەکانی تر ەوە دەبەستریتەوە!! ئەمەش تەنها بۆئەوەیە نەبادا بەهانەیەك بەدەست ئەمریکاو تورکیاوە بدری و "تەوافقەکان" هەلوەشیتەوە!؟

دووهەمشیان: کاتیك رووی لەخەلکی کوردستان و هەلخراندنی هیزە لەدەوری سیاسەتیك کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ بردنە پیشەوەی چەوتترین و نائینسانیترین سیاسەت گەرەکیانە، مەسەلەی کەرکوك دەکریتە بابەتی پروپاگەندەیەکی فاشیستانەو رەگەزپەرستانە بۆ سازدانی هیزەکان و جەماوەری خەلك لەشەریکدا بەناوی "شەری رزگاری کەرکوك " و گیرانەوەی "خاکی پیرۆزی کورد"!!

ریکاری سیاسی و فاشیزم هەمیشە دووڕووی مامەلەی ناسیونالیزم و نەتەوەپەرستییە، لەهەموو رەنگ و بۆیەکیدا، تەنانەت ئەگەر کورد بیت ئەگەر فارس و عەرەب، ئەگەر روس و سرب وەیا جولەکەبیت. . بەلام ئەوەی لەم پیوەندەدا زیاد

www.kurdistannet.org

**دەبیت بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کورد، ئەوەیە کە"دز دەهیندریتە سەرمالی خۆ و بەدۆستیش بەسەر دراوسیکاندا لەقەلەم دەدریت"!!**

**ئایا نەك هەر خەلکی کوردی کەرکوك بەهەموو داماوی و لیقەومان و دەربەدەرییەکانیانەوە، بەلکو هەر ئینسانیکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست دەتوانی ئەم بەها سیاسییانەی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی قبول بکاو بۆ دوارۆژیکی بەدور لە ستەم و چەوسانەوە بروانی؟**

**31/3/2003**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت